# ڕۆڵی نەریت لە کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتیدا

## توێژینەوەیەکی تیۆریی شیکارییە

**پ.د. سەلیم پەترۆس ئلیاس**

زانکۆی سەلاحەددین / کۆلیژی ئەدەبیات /
بەشی کۆمەڵناسی
Selim.Elias@su.edu.krd

**شیروان عوسمان ڕسول**

زانکۆی سەلاحەددین / کۆلیژی ئەدەبیات /
بەشی کۆمەڵناسی/ خوێندنی باڵا / دکتۆرا
Sherwan8182@yahoo.com

**پوختە:**

هەر کۆمەڵگەیەک خاوەن ئامرازی تایبەتە بۆ بەدیهێنانی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی، کە بەرهەمی قۆناغە مێژووییەکەیەتی، نەریتیش یەکێکە لەو ئامرازانەی کە کۆمەڵگە سادە و ڕاگوزەرە پێش مەدەنییە پیشەسازییەکان وەک یاسایەکی نەنووسراو پشتی پێ دەبەستن بۆ ڕێکخستن و ئاڕاستەکردنی ڕەفتاری تاکەکان، ئەم توێژینەوەیە کە لە چەندان بەش پێک هاتووە، لە بەشی یەکەمدا چوارچێوەی گشتیی توێژینەوەکەیە کە کێشە و گرنگی و ئامانجی توێژینەوە لەخۆ دەگرێ، بەشی دووەمیش بریتیە لە چەمکەکان و ڕێبازی توێژینەوەکەیە، بەشی سێیەم باسی بیروبۆچوونەکانی بیرمەندان دەکات دەربارەی نەریت، کەچی بەشی چوارەم گرنگی و تایبەتمەندییەکانی نەریت لەخۆ دەگرێ، لە بەشی پێنجەمی توێژینەوەکە، ئەنجام و پێشنیار وڕاسپاردەکان خراونەتە ڕوو.

کلیلە وشەکان ١- ڕۆل ٢- نەریت ٣- کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی

پێشەکی

ئامـرازەکانی کۆنترۆڵـی کۆمەڵایـەتی ڕوون و ئاشـکران لـە هیـچ کەسـێک ناشـاردرێنەوە، کۆڵەگـەی ژیـانی کۆمەڵایەتیـن لـە بەدیهێنـانی هاوسـەنگی و سـەقامگیری ودادپـەروەری، بـەو پێیـەی کار دەکـەن لەسـەر ڕێکخسـتن و کۆنتـڕۆڵ کـردنی ڕەفتـارەکانی تـاک وپێوەنـدی وچالاکییـە جیاوازەکانیـان.

لەبـەر ئـەوەی مـرۆڤ بوونەوەرێکـی کۆمەڵایەتییـە، ناتوانێـت بـە تەنیـا ژیـان بـکات و پێویسـتییەکانی خـۆی بـە تەنیـا دەسـتەبەر بـکات، بۆیـە پێویسـتی بـە تاکـەکانی تـری کۆمەڵگەیـە، لـە ئەنجامـی کۆمەڵبـوونی لەگـەڵ تاکـەکانی تـر، پێوەنـدی و کارلێـک و بەرژەوەنـدی جـۆرا و جـۆر و مامەڵـە و بەرژەوەندیـی تایبـەت دروسـت دەبێـت، لـە نێـوان ئـەم بەرژەوەندییانـە ململانـێ و ناکۆکـی سـەر هەڵـدەدات، بـۆ ڕێکخسـتنی ئەمانـەش، گومـان لـەوەدا نییـە، پێویسـتی بـە ڕێکخسـتن و سـنووردانانێک هەیـە، چونکـە مـرۆڤ بـە سروشـت و ڕەمەکـی خـۆی حـەزی بەرژەوەنـدی هەیـە بۆیـە، بـۆ دەسـتەبەرکردنی ئـەرک و مافـەکانی، پـەی بـەوە بـردووە، کـە ڕێکخسـتن بـۆ بەرژەوەندییـەکان دابنێـت و ناکۆکییـەکان نەهێڵێـت، تـا کێشـە لـە کۆمەڵگـە دروسـت نەبێـت و دادپـەروەری و ئازادییـەکان و بەرژەوەندییـەکان نەکەونـە ژێـر هەڕەشـەوە و مـافی تاکـەکان پێشـێل نەکرێـت.

ئـەم ڕێکارانـە لـە سـەرەتاکانی ژیـانی کۆمەڵایـەتی خۆیـان لـە نەریتـەکان دەبینێتـەوە کـە تاکـەکان و کۆمـەڵ و ژینگەکـە خۆیـان دروسـتکەر و داهێنـەری بـوون لـە ئەنجامـی ڕێکەوتنـی هاوبـەش و بـە شـێوەی خـۆکاری کاریـان کـردووە و لـە ناخـی تاکـەکان چەسـپاوە بـە شـێوەیەکی سـادە و سـاکار و ڕاستەوخۆ بـووە، چونکـە ژیـان و پێوەندییـەکان لـەم کۆمەڵگەیانـە سـادە و ڕووبـەڕوو و ڕاسـتەوخۆ بـووە و لـەم قۆناغـەی ژیـانی مرۆڤایـەتی، نەریتـەکان ئامـرازی کاریگـەر و یاسـای نەنـووسراون لـە هـزر و دەروونی تاکـەکانی کۆمەڵگـە پارێـزراون، بۆیـە پشتاوپشـت گوازرانـەوە و تاکـەکان لەسـەری پـەروەردە کـران و بوونـە بەشـێک لـە کولتـوور و پـەروەردە و لەبـەر بەهێزیـی چەسـپاوییان لـە نـاخ و کاریگەرییـان لەسـەر ڕەفتـاری تـاک و کۆمـەڵ تاوەکـوو ئەمـڕۆش هـەر مـاون وەک ئامرازێکـی کاریگـەر لـە ئامـرازەکانی کۆنترۆڵـی کۆمەڵایـەتی.

بـەشی یەکـەم: چوارچێـوەی گشـتیی توێژینـەوە و چەمکـەکان

یەکەم/ کێشە و گرنگی و ئامانجی توێژینەوە

١-١ کێشەی توێژینەوە

نەریـت لـە کۆمەڵگـە ڕۆژهەڵاتییـەکان لـە ناخـی تـاک بـە شـێوەیەک ڕۆ چـووە، بەرگـەی لەناوچـوون دەگرێـت و وەک ئـەوە وایـە کات لـە ڕۆژهـەڵات وەسـتابێت (جنیفـەر سـکێرس،٢٠١٢، ٤١) کۆمەڵگـە ڕۆژهەڵاتییـەکان ڕێزێکـی زۆر بـۆ نەریـت دادەنێـن و پێبەنـدن پێـی، کۆمەڵگـەی کوردییـش بـەدەر نییـە لەمـە و تـا ئێسـتەش پێـڕەوی نەریتـەکان دەکات بـە هـەردوو لایـەنی بـاشی و خراپییـەوە، ئەگەرچـی هەندێکیـان بـەرەو لاواز بـوون، ڕۆیشـتوون لـە ژێـر کاریگەریـی پەرەسـەندنی هۆشـمەندی، بـەڵام دەسـەڵاتی سیاسـیی کـوردی تـا ئێسـتە مۆرکـی نەریتـی هـەر پێوەیـە و تـا ئێسـتە بـە تـەواوی لـە دامودەزگـەکانی دەوڵـەت هـزری دامەزراوەیـی و سیسـتەمگەرایی بەرجەسـتە نەبـووە، ئـەوەی هەیـە نیمچەیییـە هەمـوو ئەوانـەش دەگەڕێتـەوە بـۆ هـۆکاری ئـەوەی کـە کۆمەڵگـەی کـوردی لـە قۆناغـی گواسـتنەوەدایە و لـە ئاسـتی نیمچـە مەدەنییـە کـە لـەم قۆناغـە پشـت بـە هـەردوو جـۆری یاسـایی و نەریتـی دەبەسـترێت بـۆ کۆنترۆڵکـردنی ڕەفتـاری تـاک و بەڕێوەبـردنی بـوارە جیـاوازەکان کـە پێوەنـدی و ناسـین و خزمایـەتی کاریگـەری گـەورەی هەیـە، کۆمەڵگـەی کـوردی وەک هـەر کۆمەڵگەیەکـی تـر خـاوەن نەریتـی تایبـەت بـە خۆیـەتی و سـەرەڕای تەکنەلۆژیـا و هـزری نـوێ هێشـتا نەریـت ڕۆڵـی کاریگـەر دەگێـڕێ، ئـەم ڕەوشە کۆمەڵایەتییـە، کۆمەڵگـەی کـوردی خسـتۆتە نـاو کۆمەڵگـە ڕاگـوزەرەکان، کـە لـە دەسـت دووفاقیـەتی کولتـووری دەناڵێنێـت، کـە بریتیـە لـە مانـەوەی بوونیـادی نەریتـی لـە لایـەک و سـەرهەڵدانی بوونیادێکـی نیمچـە پیشەسـازی - مـەدەنی لـە لایەکـی تـر.

لـەم ڕووەوە «توێـژەران" پێیـان وایـە نەریـت بـە تێپەڕبـوونی کات، نـەوە لـە دوای نـەوە گوازراوەتـەوە و بووەتـە بەشـێک لـە یادەوەریـی کۆمەڵگـە و مێژوویـەک لـە شـانازیپێوەکردن و پارێزگاریکـردن لێـی و بەشـێک لـە

پێکهاتـەی کەسـایەتیی تـاک لەنـاو نـاخ و ویـژدانی مـرۆڤ دەژی و بووەتـە چاودێرێـک بەسـەر ڕەفتـاری مـرۆڤ لـە کاتـە جیاوازەکانـدا، ئـەم کاریگەرییـەی دەگۆڕێـت، بەپێـی کات و شـوێن و کۆمەڵگـە، زیاتریـش لـەم کۆمەڵگەیانـە کاریگـەرە کـە هێشـتا سـادەن یـان لـە قۆناغـی ڕاگـوزەردان و هـەر لادانێکیـش لێـی ڕەنگـە هەسـتێکی ناخـۆش لـە دڵ و دەروونی تـاک دروسـت بـکات و ئارامـی نەهێڵێـت و لـە ناخـەوە ئـازاری پـێ ببەخشـێت، هـەر لـەم گۆشەنیگایەشـدا دەکرێـت ئـەم چەنـد پرسـیارانەی خـوارەوە بورووژێنرێـن:

١-ئایـا نەریـت لەنێـو کۆمەڵگـەدا بـە ئامرازێکـی کۆنتڕۆڵـی کۆمەڵایـەتی هەژمـار دەکرێـت؟

٢-نەریـت وەکـوو ئامرازێکـی کۆنتڕۆڵـی کۆمەڵایەتـی، چ ڕۆڵێـک دەگێڕێـت لەنێـو کۆمەڵگـەی کوردیـدا کـە لـە قۆناغـی ڕاگوزەردایـە؟

٢-١ گرنگیی توێژینەوە

دەکرێـت گرنگیـی ئـەم توێژینەوەیـە لـەم چەنـد خاڵـەدا کـورت بکەینـەوە:

١-گرنگیـی زانسـتی ئـەم توێژینەوەیـە لـەوەوە سـەرچاوە دەگرێـت کـە بـاس لـە پرسـێکی زۆر گرنـگ دەکات، ئەویش ڕۆڵـی نەریتـە وەک ئامرازێکـی کۆنتڕۆڵـی کۆمەڵایـەتی کـە بـە یەکێك لـە بابەتـە هـەرە گرنگـەکان دادەنرێـت، بووەتـە جێـی بایەخـی بیرمەنـدان، زانایـانی کۆمەڵنـاسی، ڕامیـاری، دەروونـاسی و پەروەردەیـی، بـە هـۆی ئـەو پێوەندییـە بەهێـزەی هەیـەتی لـە ڕێکخسـتنی ژیـانی تاکـەکان و کۆمەلگەکانـدا و یسـت و ئـارەزووی گشـت کۆمەلگەکانـە بـۆ بەدیهێنـانی ڕێکخسـتنی پێوەندییـە کۆمەڵایەتییـەکان لـە نیـوان تاکـەکانی کۆمەڵگـە و دابینکـردنی پێویسـتییەکان و سـەقامگیریی کۆمەڵگـە و بەردەوامبـوونی.

٢-گرنگیەکـی تـری ئـەم توێژینـەوە لەوەدایـە کـە بابەتـی توێژینـەوە (ڕۆڵـی نەریـت لـە کۆنترۆڵـی کۆمەڵایەتیـدا) زۆر کەمـە (بەپێـی زانیارییەکانـی توێـژەر) و ئەمـە هەوڵێکـە بـۆ دەوڵەمەندکـردنی ئـەم بـوارە، هەروەهـا بتوانێـت سـەرنجی گرنگپێـدەرانی نەریتـەکان ڕابکێشـێت، کـە چـۆن کێشـە و دیـاردە نوێیـەکان لـە نـاو کۆمەڵگـە سـەر هەڵـدەدەن و چارەسـەری پێویسـتی بـۆ بدۆزنـەوە لـە پێنـاو هێشـتنەوەی کۆمەڵگـە بەشـێوەیەکی سـەقامگیر و ئـارام و چاودێرکـردنی تـاک و کۆمەڵگـە لـە هـەر ڕەفتارێکـی نەخـوازراوی دەرەوەی نەریتـە کۆمەڵایەتییـەکان، کـە یاسـای نەنـووسراون، بـەڵام لـە هـزر و دەروونی تاکـەکانی کۆمەڵگـەدا پارێـزراون و ڕۆڵـی گرنگیـان هەیـە لـە ئاڕاسـتەکردنی ڕەفتارەکانیـان، بۆیـە ئـەم توێژینەوەیـە بـە یەکێـک لـە توێژینـەوە زانستییە پێشـەنگەکان دادەنرێـت لـە بـواری کۆمەڵنـاسی بەگشـتی و لـە بـواری کۆمەڵناسـیی یاسـایی بـە تایبـەتی.

٣- ئەم توێژینەوەیە، توێژینەوەیەکی تیۆری

شـیکارییە، تیشـک دەخاتـە سـەر ڕۆڵ و گرنگیـی نەریتـەکان لـە بەدیهێنـانی کۆنتڕۆڵـی کۆمەڵایـەتی وەک پێویسـتییەکی هەتـەری، لـە پێنـاو پاراسـتنی تـەونی کۆمەڵایـەتی لـە ڕۆژگارێکـدا، کـە دەسـەڵاتی دادوەری لـە کوردسـتان هەندێـک جـار بـەر بەربەسـتی جۆراوجـۆر دەکەوێـت کـە نەریـت یەکێکیانـە.

٣-١ ئامانجەکانی توێژینەوە

ئامانجەکانـی ئـەم توێژینەوەیـە خـۆی لـە هەوڵـدان بـۆ وەڵامدانـەوەی پرسـیارەکانی دەبینێتـەوە کـە ئەمانـەن:

ناسـینی ڕۆڵـی نەریـت وەک ئامرازێکـی گرنگـی کۆنتڕۆڵـی کۆمەڵایـەتی لـە کۆمەڵگـەی کوردیـدا.

زانینـی ئـەو ڕۆڵـە گرنگـەی نەریـت دەیگێڕێـت وەکـوو ئامرازێکـی کۆنتڕۆڵـی کۆمەڵایەتـی لەنێـو کۆمەڵگـەی کـوردی لـە قۆناغـی ڕاگـوزەردا.

بەشی دووەم

یەکەم/چەمکەکانی توێژینەوە

٢-١-١ ڕۆڵ (Role)

پێناسەی (مارڤین ئۆڵسن) بۆ ڕۆڵ، بریتیە لە بەشێک لە ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی و ڕەگەزێکە لە ڕەگەزەکانی ئەم ڕێکخستنە، ئەگەر ڕۆڵ بینرا، ئەوا بەشێک لە ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی دەبینرێت (Mervin. E. Olsen، 1996،404)

لای (پارسۆنز) ڕۆڵ بریتیە لە سیستەمی ئاڕاستەکردنی گشتی کارا کە ڕێک دەکەوێ لە بارەی پێشبینیکردنی گرووپ لە پێوەندی و کارلێککردنەکانی لەگەڵ گرووپەکانی تر، لە چوارچێوەی پێوەرە کۆمەڵایەتییەکان کە پڕۆسەی کارلێک بەڕێوەی دەبات(اسماعیل حسن عبدالباری: ١٩٧٩، ١٨)

پێناسەی ڕێکاری توێژەران بۆ چەمکی ڕۆڵ لەم توێژینەوەدا بریتیە لە کاریگەری و هێزی نەریت لە ڕێکخستن و کۆنتڕۆڵکردنی ڕەفتاری تاکەکان و پارێزگاری کۆمەڵگە لە لادان و تاوان و هێنانەدی سەقامگیری و پێکەوەژیان بە ئامانجی دابینکردنی کۆنتڕۆڵی کۆمەڵایەتی.

٢-١-٢ نەریت (Custom)

چەمکی (نەریت- custom) لە ڕووی زمانەوانییەوە بە مانای ڕاهاتنی خەڵک و قایلبوونیانە لەسەر پێڕەوکردنی ڕەفتارێک، پێوەست بە بابەتێک یان لایەنێک لە لایەنەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و باوەڕبوون بەوەی ئەم ڕەفتارە پەسنی ناچاری هەیە و پێویستە ڕێزی لێ بگیرێ جا لەبەر ویژدان و ئاکار بێت یان لە ترسی سزای کۆمەڵایەتی بێت و لەڕووی یاساییەوە کۆمەڵێک بنەمای نەنووسراوە کە خەڵک بە ناچاری پێبەندی دەبن لە ترسی سزاکان و نەوە لە دوای نەوە دەگوازرێنەوە (غالب علی الداودی، ٢٠٠٤، ١٥٤)

نەریت توخمێکی سەرەکی کولتووری واتاییە، لە کۆمەڵگەدا شێوەی نیمچە یاسایی وەرگرتووە، نەریت دیوی دووەمی کۆمەڵێک بیروباوەڕ و بەهای کۆمەڵایەتی و باوەڕی ئایینی و ئەدەبی میللی و ئەفسانە و زانیاری گشتییە و لە سایەی ڕەفتار و هەڵسوکەوتی تاکەکانی ناو کۆمەڵگەدا هەستی پێدەکرێت، ئەگەر کۆمەڵگە بچوک و داخراو بێت ئەوا نەریت زۆر بالا دەست دەبێت بۆ بڕیاردان لەسەر ڕەفتاری کۆمەڵایەتی، نەریت لایەنەکانی بیروباوەڕ و ڕەفتار و هەلسوکەوت دەگرێتەوە، پاشماوەی پێشینانە و ئاسان و بەردەستە، ئاڕاستەی ڕەفتاری خەڵک دەکات، بەسەر مرۆڤ زاڵە و ناتوانێ بە ئاسانی خۆی لێ ڕزگار بکات، پێڕەونەکردنیان بە لادان و کەمتەرخەمی دادەنرێت و لە ئەنجامدا مرۆڤ دووچاری سزای کۆمەڵایەتی دەبێتەوە، بواری ئابووری، سیاسی، پێوەندیی کۆمەڵایەتییەکان و جۆر و ئاستی زانیاری، کار لە پێکهێنانی نەریتەکانی کۆمەڵگە دەکەن. (لانە ئاراس ابراهیم، ٢٠١٧، ١١٨)

پێناسەی ڕێکاری توێژەران بۆ ئەم چەمکە بریتیە لە یاسایەکی نەنووسراو و خاوەن هەژموون لە ئاوەز و دەروونی تاکەکانی کۆمەڵدا پارێزراوە و کۆمەڵێک بیروباوەڕە، کە ئاڕاستەی ڕەفتاری تاکەکان دەکات، و پێڕەونەکردنی بە لادان و سەرپێچی دەژمێردرێت و لە ئەنجامدا تاک دووچاری سزای کۆمەڵایەتی دەبێتەوە، نەوە لە دوای نەوە دەگوازرێتەوە بۆیە بووەتە ئامرازێکی کاریگەر لە ئامرازەکانی کۆنتڕۆڵی کۆمەڵایەتی.

٢-١-٣/ کۆنتڕۆڵی کۆمەڵایەتی (Social Control)

(ئێدوارد ڕۆس) پێناسەی ئەم چەمکەی کردووە بەوەی، کە زاڵگەیەکی کۆمەڵایەتی مەبەستدارە لە کۆمەڵگە و ئاماژەیە بۆ پێویستییەکی کۆمەڵایەتی و نموونە ڕەوشتکارییەکان و بەها کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگە کە هێز و کاریگەری هەیە لە دروستکردنی سەقامگیریی کۆمەڵگە. (Ross,1901,26).

(جوزیف ڕۆسیک) پێی وایە کە کۆنتڕۆڵی کۆمەڵایەتی زاراوەیەکی کۆمەڵایەتییە بۆ ئەو کردانەی کە بە پلان یان بێ پلانن، کە لەمیانەیدا تاکەکان فێر دەکرێن یان ناچار دەکرێن لەسەر خۆ گونجاندنیان لەگەڵ نەریت و بەهاکانی کۆمەڵگە و پێوەستبوون بە ئاشتی کۆمەڵایەتی. (Joseph S. Roucek, 1959,107).

پێناسەی ڕێکاری توێژەران بۆ ئەم چەمکە بریتیە

لە هێزی کۆمەڵگە، لە ئاڕاستەکردن و چاودێری کردنی ڕەفتاری تاک و کۆمەڵ لە پێناو پێبەندبوون بە نەریتە باوەکان بە مەبەستی کۆنترۆڵ کردنی ڕەفتاری تاک لە لادان و تاوان و پاراستنی سەقامگیری و ئاسایشی کۆمەڵایەتی و پاراستنی بەرژەوەندییەکان.

دووەم / ڕێبازی توێژینەوە

٢-٢-١ ڕێباز

وشەی (ڕێباز) مانای ڕێوشوێن یان پرۆسەیەک بۆ بەدەستهێنانی شتێک یان دەستەبەرکردنی ئامانجێک، هەروەها مانای گرتنی ڕێوشوێنێکی ڕێکخراو بە تایبەت لە توێژینەوەی زانستیدا (تاهیر حسۆ زێباری، ٢٠١٦، ٦٨)

٢-٢-٢ میتۆد وەسفیی شیکاری

یەکێک لە ڕێبازە گرنگەکانی توێژینەوە زانستییەکانە، توێژەر لە ڕێگەیەوە دەتوانێت دیاردە و کێشەکان بە تەواوی بناسێت و بگاتە چارەسەری کێشەکانی توێژینەوە هەروەها ئەم میتۆدە بەرچاو ڕوونی دەبەخشێتە توێژەر بۆ گەیشتن بە دەرەنجامەکانی توێژینەوەکە. (Susanna loeb & Others , 2017 ,p.8)

بەشی سێیەم / بیروبۆچونەکانی بیرمەندان دەربارەی ڕۆڵی نەریت لە کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی

لەبەر ئەوەی نەریت کۆنترین جۆری کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتییە، کە مرۆڤ ناسیویەتی و تا ئێستەش ڕۆڵی بەردەوامە، بۆیە لە لایەن بیرمەندانەوە بایەخی پێدراوە و چەندان توێژینەوە لەبارەیەوە ئەنجام دراوە و بیروڕای جیاوازی لەبارەوە گوتراوە بەم شێوەیەی خوارەوە:

٣-١ ئەمیل دۆرکایم

نەریت لەگەڵ بوونی کۆمەڵگەی مرۆیی سەری هەڵداوە و بەردەوام بووە نەوە دوا نەوە گوازراوەتەوە دواتر لە قۆناغە جیاوازەکان کە ئایینەکان سەریان هەڵداوە جەختیان لە زۆربەی نەریتەکان کردۆتەوە بە تایبەت ئەوانەی جەخت لە باشە و چاکە و سودی گشتی دەکەنەوە، ئایینەکان لە ناو هەناوی خۆیان زیاتر جەختیان لەسەر کردەوە و پەرەیان پێداوە تا وای لێ هاتووە دوای چەند نەوەیەک ئایینەکان بوونەتە سەرچاوە و خاوەنی نەریتەکان و، بە شێوەیەک گەڕاندویانەتەوە بۆ هێزی خوداوەندەکان یان هێزی نادیار و ئەو دیو سروشتەوە و کە لە باو و باپیرانەوە هاتووە و بەردەوام بووە نەوە لە دوای نەوە، لە چوارچێوە دراوە وەکوو سیستەمێکی کۆمەڵایەتی و هاوئەرکی کۆمەڵایەتی لەمیانەی ئەمانەوە، ئایین بووەتە سەرچاوەیەکی نەریتەکان (Emile Durkhi-em,1960 , pp.312-314) بۆیە پێبەند بوون بە نەریتەکان پێوەست کرا بە پێبەندبوون بە بیروباوەڕە ئایینییەکان هەروەک (دۆرکایم) باسی کردووە کە نەریتە ئایینییەکان کاریگەری و گرنگی زۆری هەبووە لە کۆمەڵگە سەرەتاییەکان (Emile Durkhiem,1960, pp.54,9) و تا دەگاتە ئەمرۆش کاریگەرییەی هەر ماوە بە شێوەیەکی ڕێژەیی، هەروەها (جۆرج زیمیل) جەخت لەسەر بۆچوونی دۆرکایم دەکاتەوە، کە بنەما ئایینییەکان بەشێک بوونە لە سەرچاوەی نەریتەکان (Mathieu Deflem, 2008, p.32).

٣-٢ ئێدوارد ڕۆس

(ڕۆس) پێی وایە پێویستە دەسەڵاتێکی دانپێدانراو هەبێت بۆ دیاریکردنی سنووری بەرژەوەندییە دژ بەیەکەکان، نەریت لە توانای دایە ئەو دەسەڵاتە بێت لە بەدیهێنانی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی لە پاراستنی بەرژەوەندیە دژ بەیەکەکان (Ross ,١٩٠١ , p.٥٠) هەروەها نەریت هێزێکی زاڵ و ئاڕاستەکەری هێزەکانی دیکەیە کە تاک پێبەندیەتی، لەگەڵ ئەوەی کە یاسایەکی نەنووسراوە، بەڵام هێزی هەیە لە دەروونی تاکەکان لە میانەی خوو و سروشکردنەوە و سەرچاوەی یاساکانی ویژدانە و ڕێکخەری ژیانی تاکەکانە و توانای خۆ گونجاندنی هەیە لەگەڵ پێویستییەکان و دەگوازرێتەوە لە ڕێگەی نەوەکانەوە (Ross ,1901 , pp.181,183,185) هێزێکی شاراوەی هەیە لە بەدیهێنانی کۆنتڕۆڵکردنی ڕەفتاری تاکەکان و سزادانیان لە کاتی سەرپێچی کردنیان، هەروەها (ڕۆس) لەگەڵ ئەوەی کە پێی وایە هێزی نەریت شاراوەیە و لە ناخ و ویژدان دایە و لە سەردەمی نوێشدا لەبەر ئەم گرینگی و کاریگەرییەی،

کە هەیەتی تا ئێستەش ماوەتەوە بووەتە سەرچاوەیەکی گرنگی یاسا دانراوەکان.

لای (ڕۆس) یاساکانی ویژدان لە نەریتەوە سەرچاوەیان گرتووە کە لەناخی هەموو تاکێکدا هەیە(Ross ,١٩٠١ , ١٩٤.p)، یاساکانی ویژدان هەموو ئەو ڕەفتارانە دەگرێتەوە کە تاکەکان بەرانبەر یەکتر ئەنجامی دەدەن لە کاتی پێوەندی و کارلێکەکانیان لە ڕێز و گیانی هاوکاری و تەبایی و پارێزگاری کردن لە یەکتر، (ڕۆس) وشەی یاساکانی بەکار هێناوە بەو ئاماژەی کە یاساکان ئەرکیان پارێزگاری لە مرۆڤ و ماف و بەرژەوەندییەکانییەتی، ویژدان کە سەرچاوەکەی لە نەریتەوەیە تەنها چاکە دەخوازێت بۆ تاکەکانی دیکە لە گیانی هاوکاری و برایەتی و تەبایی و ئاشتی، لە دیدی ڕۆسەوە نەریت پێویستییەکە بۆ تاکەکانی کۆمەڵگە تا لە میانەی ڕەفتارەکانیان دەرکەوێت بۆیە پێی وای باشترین کۆنترۆڵ، کۆنترۆڵی ناوەکییە (Ross ,1901 , p.128).

(ڕۆس) پێیوایە پەرستنی باپیران بابەتێکە کە کاریگەری هەیە لەسەر گواستنەوە و دووبارە کردنەوەی نەریتەکانی پێشینان و بەرز ڕاگرتنیان هەرچەند قۆناغی زیاتر تێپەری زیاتر ڕوو دەچێت و خۆی دەچەسپێنێ لە ناخ و ویژدانی تاکەکان ((Ross ,١٩٠١ , ١٩٥.p و هەر لادانێک لێیان وا لە تاک دەکات خۆی سەرزەنشت بکات و چاوەڕێی سزای گیانی پێشینەکان بێت جگە لە سزای توڕدانی کۆمەڵگە.

٣-٣ ویلیام گراهام سومنر

(سومنر) پێی وایە نەریت بریتیە لە قۆناغێکی پێشکەوتنی ڕێبازە میللییەکان کاتێک گشتاندنە فەلسەفی و ڕەوشتکارییەکانیان بۆ زیادکرا و پەرەیان سەند و کاریگەریان زیاد بوو لەسەر کۆمەڵگە و خۆشگوزەرانیان بۆ کۆمەڵگە فەراهەم کرد و بە شێوەیەکی نوێ، ئەو کاتەی کە پەرە بە توخمەکانی ڕاستی و ماف دەدرێت بەرەو ئاڕاستەکانی خۆشگوزەرانی، ڕێبازە میللیەکان بەرز دەکرێنەوە بۆ ئاستێکی دیکە و توانایان زیاد دەبێت لە پەرەسەندن بەرەو شێوە نوێیەکان (sumner,1907, p.30) کاریگەریان فەرەوان دەبێت لەسەر کۆمەڵگە، لە ئەنجامی ئەم پرۆسەیە دەبن بە نەریت، کە ئامانجیان خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتییە، لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت، کە دروستبوونەکەی دەگەڕێتەوە بۆ پێویستی کۆمەڵگە لە پێناو فەراهەم کردنی ژیانێکی باشتر، کە تاکەکانی کۆمەڵە سەرەتاییەکان توشی ناخۆشی و کێشە و ستەم دەبوون لە ئەنجامی نەبوونی ئەو پێوەرەی کە پێویست بوو بۆ ڕێکخستنی ژیانی تاکەکان و نەهێشتنی ئەو خراپەکارییانەی کە تاکەکان بەرانبەر یەکتر ئەنجامیان دەدا هەروەک ئەوەی کە هەندێک لە زانایانی پەیمانی کۆمەڵایەتی باسیان کردووە.

٤-٣ ڕوث بندکت

لە دیدی (بندکت) وە مرۆڤ لەو کاتەی دێتە سەر دونیاوە لەگەڵ نەریتەکان دەژی و دەورەیان داوە و ناتوانێ پشتگوێیان بخات چونکە بوونەتە بەشێک لە کەسایەتی، پشتگوێ خستنیان و پێبەند نەبوون پێیانەوە توشی سزای کۆمەڵایەتی دەکاتەوە (Ruth ben-edict , 1935 , pp.1 , 3) تاک هەر لەسەرەتای ژیانییەوە تا کۆتایی بە کۆمەڵێک نەریتی جیاواز گەمارۆ دراوە و بە پێی قۆناغەکانی ژیانی وەریان دەگرێت و باشی و خراپیەکانی لە یەکتر جیا دەکاتەوە و دەبنە بەشێک لە بوونیادی کەسایەتی، نەریتەکان بنەمایەکی بە هێزن لە ئاڕاستەکردن و کۆنترۆڵ کردنی ڕەفتاری تاک لە میانی قۆناغە جیاوازەکانی ژیان و بە پێگەیشتنی ئاوەزی و شارەزایی لە بارەیانەوە پەیدا دەکات.

٥-٣ ئێدوارد شیلز

(شیلز) پێی وایە نەریت دەگوازرێتەوە لە ڕابردوو بۆ دواتر، بە کردەوە پارێزگاری لێ دەکرێت و دووبارە دەکرێتەوە، لە ڕێگەی نەریتەوە دەتوانرێ لە باوانەوە شت وەربگیرێ، ئەوەی لە باوان و پێشینانەوە وەردەگیرێ دەکرێ مایەکی بێت یان بیرو باوەڕ بێت دەربارەی هەموو شتەکان یان وێنە و ڕووداوەکان و کردە و سیستەمەکان بێت وەک بینا و شوێنەوار و وێنە

سروشتیەکان و هونەر و داتاشراو و کتێب و ئامێر و کەرەستەکان (Edward shills ,1983 ,p12) بە گشتی هەموو ئەو شت و کەل و پەل و بیرو باوەڕانە دەگرێتەوە کە لە پێشینەوەکانەوە ماوەتەوە و پشتاو پشت گوازراوەتەوە بە هەردوو لایەنی مایەکی و واتایەکی بە پیرۆزی سەیر دەکرێ ڕێزی بۆ دادەنرێ و لە ناخەوە هەڵقوولاوە و دووبارە دەکرێتەوە، وەکوو ناسنامەو پێناسەیە و هەموو تاک و گرۆپ و کۆمەڵەیەک بە نەریتەکانیانەوە دەناسرێنەوە، نەریتەکان لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر دەگۆڕێن بە پێی پێویستی ڕەوشی ژیان و گوزەران واتە هەر ژینگە و شوێنێک نەریتێکی تایبەت تیایدا سەری هەڵداوە بۆ ڕێکخستنی پێوەندی و کارلێکەکان و ڕەفتار و چالاکییەکان.

بە گشتی زانایان لەسەر ئەم چەمکە کۆکن کە نەریت قۆناغێکی نوێی خووەکانە و لە ئەنجامی پێویستییەوە کۆمەڵگە دایهێناوە و بە بەردەوامی و لە کارلێک و پێوەندی و هەڵویستە جیاوازەکان دەردەدەکەون و بوونیان هەیە و یاسایەکی نەنووسراون و سیستەمی بەرێوەبردنی ژیانن بە تایبەت لە کۆمەڵگە سەرەتاییەکان و ڕاگوزەرەکان پلەیەکی بەرزیان هەیە و لە ڕێگەی پەروەردەوە دەگوازرێنەوە و نەوە لە دوای نەوە و لە ناخدا جێگیرن و ئەرکیان ڕێکخستنی ڕەفتار و پێوەندی و کارلێکە کۆمەڵایەتییەکان و بەدیهێنانی خۆشگوزەرانی و پارێزگاری لە سەقامگیری و مانەوەی کۆمەڵگەیە.

بەشی چوارەم /گرنگی و تایبەتمەندیی نەریت لە کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتیدا

٤-١ گرنگیی نەریت لە کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتیدا

گرنگیی نەریت لەوەدایە تا مرۆڤایەتی هەبێت ئەویش هەیە، کە ڕێنیشاندەرە بۆ تاکەکانی کۆمەڵگە لەوەی کە چۆن ڕەفتارەکانیان ئەنجام بدەن بە شێوەیەکی گونجاو لە بوارە جیاوازەکان لە کاتی پێوەندی و کارلێکەکانیان لەگەڵ تاکەکانی تر و چۆن هەڵس و کەوت بکەن لەگەڵ ژینگەی کۆمەڵایەتی و سروشتی، ئەویش لە ڕێگەی ئەوەی کە جۆرەکانی ڕەفتار و شێوازیان بۆ دیاری دەکات بۆ ئەوەی بەرچاو ڕوونیان هەبێت لەوەی چۆن ڕەفتار بکەن لە هەلوێستە جیاوازەکان لە پێناو دابین کردنی پێداویستی و پێکەوەژیانی هاوبەش، بەم شێوەیە نەریت لە کۆمەڵگە سەرەتاییەکان وەکوو سیستەم وایە و هۆکارێکە بۆ یەکانگیری کۆمەڵایەتی.

لای (ڕۆس) نەریت گرنگیەکی تایبەتی هەیە و پێی وایە واز هێنان لە نەریت وەکوو لێکردنەوەی بەشێکە لە خود (Ross,1901, p.193) لێکردنەوەی بەشێک لە خود کارێکی ئاسان نییە تا مرۆڤ بتوانێ بە ئاسانی ئەنجامی بدات، چونکە لە تەمەنی منداڵیەوە تاک لە ناو خێزانەکەی فێری نەریتەکان دەکرێت دواتر قۆناغ بە قۆناغ فێری ئەو نەریتانە دەبێت، کە لە هەلوێست و پێوەندییەکان گرنگن، لەم پرۆسەیەدا نەریت لە ناخی تاک لەگەڵ هەڵکشانی تەمەنی گەورە دەبێت و لە ناخدا زیاتر ڕوو دەچێت بە شێوەیەک دەبێتە بەشێک لە کەسایەتی و وازهێنان لێی کارێکی سەختە بۆیە بۆچونی (ڕۆس) لەم بارەیەوە تەواو ڕاستە کە وەکوو لێکردنەوەی بەشێکی جەستە وایە کە مرۆڤیش بەشێکی جەستەی لێ بکرێتەوە ناتوانێت بژی چونکە لە ڕێگەی نەریتەوە ئەو بۆشاییە بۆ تاک پڕ دەبێتەوە کە لە نێوان نەوەکاندا هەیە و بەردەوامە لە گواستنەوە و بۆ تاک وەکوو پێوەستبوون وایە، کە لە ڕێگەی یادگارییەکان و گێرانەوەیان باب و باپیرانی بیر دێتەوە و خۆشەویستی بۆیان دووپات دەکاتەوە، هەروەها هەست بە ناسنامەی خۆی دەکات کە لە خێزان و بنەماڵەیەکەوە وەری گرتووە و دڵۆزی بۆی دەنوێنێ پێوەستبوونی هەیە و، شانازی پێوە دەکات لەبەر هەموو ئەمانە واز هێنان لە خود کارێکی ئەستەمە. هەروەها پێی وایە کە نەریت بە شێوەیەک گرنگە کە هیچ ئامرازێکی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی نییە نەریت تیایدا ڕۆڵی نەبێت (Ross,1901, p.156).

گرنگیی نەریت گەیاندنی ئەوەی لە ڕابردوو هەبووە بە نەوەی نوێ (Edward Shills,1983, p.634)

نەریـت وەكـوو پردێـك وایـە لـە نێـوان نـەوەكان بـە یەكتریـان دەگەیەنـێ و هەمـوو ئـەوەی لای نـەوەی پێشـتر هەبـووە دەیگوازێتـەوە بـۆ نـەوەی دواتـر، جـا ئـەم نەریتـە بـاش بێـت یـان خـراپ، گرنـگ ئەوەیـە دەگوازرێتـەوە ئـەوەی كـە دەمێنێتـەوە ئەوەیـە كـە ئـەو نـەوەی بـۆی گوازراوەتـەوە چـۆن پێـڕەوی دەكات و پارێـزگاری لـێ دەكات هەرچەنـدە ئەمەیـان دەوەسـتێتە سـەر قۆناغـە مێژووییەكـە، ئـەوەی گرنگـە لـەم گواسـتنەوەیە ئەوەیـە كـە هـەر نەوەیـەك هەسـتێكی تایبـەتی هەیـە بەرانبـەر نەریتـەكان و وا هەسـت دەكات، كـە بەرپرسـیاریەتیەكە لەسـەر شانییەتی و پێویستە پێـی هەڵسـی تـا ئاسوودە بێـت بەرانبـەر نـەوەكانی پێشی خـۆی، كـە ئـەوەی لەسـەری بـووە ئەنجامـی داوە و بەرپرسـیارێتیەكەی گەیانـدوە بـە نـەوەی دوای خـۆی، ئەمـەش هـەروەك باسـكرا پەسـنێكی نەریتـە كـە ڕێزێكـە بەرانبـەر گیـانی پێشـینان و وەكـوو ئاوێنەیـەك وایـە كـە وێنـەی ڕابـردوو دەداتـەوە بـۆ نـەوەكانی داهاتـوو تـا سـودی لـێ وەرگـرن و ببێتـە ڕێ نیشـاندەرێك هـەروەك (پـۆل لاندێز)بـاسی دەكات كـە ڕابـردوو بریـار بەدەسـتی ئێستەیە، ئێستە بریـار بەدەسـتی داهاتـووە و مرۆڤیـش دروسـت كـراوی ڕۆژگار، ڕابردووەكـەی یارمـەتی دەدات بـە ئامـراز و شـێوازی پێویسـت بـۆ چارەسـەركردنی كێشـەكانی ئێسـتەی (سـامیە محمـد جابـر، ١٩٩٢، ص١٠٧)

گرنگیـی نەریـت لـەوە دایـە كـە پێـوەری ڕەفتـارە لـە دیاریكـردنی ئامانـج و ڕاسـتی و دروسـتی هـەر كردەیـەك، كـە تـاك ئەنجامـی دەدات لـە كارلێـك و پێوەندییـەكانی لەگـەڵ تاكـەكانی تـر لـە كۆمەڵگـە نەریتیـەكان ئـەو ڕەفتـارەی كـە ڕەزامەنـدی گشـتی هەیـە بنەماكـەی لـە نەریتـەوە وەرگرتـووە واتـە لەسـەر بنەمـای نەرێـت ڕێكخـراوە و هـەر نەریت پێـوەری دیـاری كـردنی دروسـتی و نـا دروسـتی ڕەفتـارە، (فیجنشـتین) پێـی وایـە ڕەفتـاری مـرۆڤ ئامانجـدارە و بـە بنەمایـەك بریـار لەسـەر دراوە كـە ڕێكیدەخـات، هەرچەنـدە جیـاوازی كـردووە لـە نێـوان ڕەفتارێـك كـە ئامانجـدارە و ڕەفتاریكیـش كـە بنەمـای بـۆ دیاریكـراوە، بـەڵام بـە گشـتی لای (فیجنشـتین) بـە پێـوەر ئـەوە دیاریكـراوە، كـە چ ڕەفتارێـك ڕاسـتە و چ ڕەفتارێـك چەوتـە (انتـونی جیدنـز، ٢٠٠٠، ص:١٤٣)

هەمـوو كۆمـەڵ و كۆمەڵگەیـەك چەنـدان بنەمـا و جـۆری ڕەفتـار و سرووت و بۆنـە و پەرسـتن و ئاهەنگـی تایبـەتی هەیـە كـە بـە نەریتـەكان لـە ڕێگەیـەوە دەناسرێـن، ژیـانی خۆیـانی پـێ ڕێـك دەخـەن ئەمـەش لـە پێنـاو دەسـتەبەر كـردن و پێبەنـد كـردنی تاكـەكان بـە ئامانجـەكانی كۆمەڵگـە و بەدیهێنـانی كۆنترۆڵـی ڕەفتـاری تـاك و كۆمـەڵ (محمـد محمـد و عمـر عثـمان، ٢٠٠٢، ص:٧٠) كـە ئـەم سروت و بۆنانـە بـە نەریتـەكان دەناسرێـت و ئەركێكـی گرنگـی هەیـە لـە كۆنتـڕۆڵ كـردنی ڕەفتـاری تاكـەكان بـە پێـی ئـەو بنەمایانـەی بـۆ ڕەفتـار و پێوەندییـە كۆمەڵایەتییـەكان دیـاری كـردووە بـە پێـی كۆمەڵێـك پێـوەر كـە پەسـنی پێبەنـدی هەیـە و ڕێگـە نـادات بـە دەرچـوون لێـی وەكـوو جۆرێـك لـە چاودێریـە لەسـەر ڕەفتـاری گشـتی لـە پێنـاو بەدیهێنـانی سـەقامگیری، ئەمـەش دەگۆرێـت بـە پێـی ژینگـەی جیـاواز لـە كۆمەڵگەیەكـەوە بـۆ كۆمەڵگەیەكـی تـر. وەكـوو یاسـایەكی نەنـووسراوە و لـە دەروون و ویـژدانی تـاك جێگـەی خـۆی دەكاتـەوە تـا دەگاتـە ئـەوەی كـە تاكـەكان وا خۆیـان دەبیننـەوە كـە پێبەنـدن پێـی و دەبێتـە بەشـێك لـە سروشـت و پێكهاتەیـان و ملكەچـی بـۆ دەكـەن (سـلوی عـلی سـلیم، ١٩٨٥،ص ص: ٤١،٤٢)

دوای دروسـتبوونی نەریـت لـە نێـوان تاكـەكانی كۆمەڵگەیەكـی دیاریكـراو، پەیـڕەو دەكرێـت لـە هەڵوێسـتە جیـاوازەكان و خۆیـان لەگـەڵ ئـەم ژینگەیـە دەگونجێنـن و لەسـەر ئـەم بنەمایـە ململانـێ و جیاوازییـەكان ڕێـك دەخـەن، تاوەكـوو ژیانیـان بـۆ ئاسـان بـكات، لێـرەدا گرنگیەكـەی دەردەكەوێـت و دەبێتـە ئامرازێـك بـۆ ڕێكخسـتنی كۆمەڵگـە و ڕەفتـار و پێوەندییـەكان، ئەمـە بـۆ هەمـوو كۆمەڵگەیـەك وەكـوو یەكـە، چونكـە هەمـوو كۆمەڵگەیـەك جۆرێـك لـە ڕێكخسـتن دیـاری دەكات كـە لەگـەڵ بەهـا و كەلەپـووری كۆمەڵایەتییەكـەی بگونجێـت، ئـەم پاڵنـەرە لـە هەمـوو شـوێنێك هەیـە، مەبەسـت لێـی ڕێكخسـتنی ناوەكـی و دەرەكیـە و پارێـزگاری لـە مانـەوە و بەردەوامیـی كۆمەڵگەیـە.

لەبەر ئەوەی نەریت بە تێپەڕبوونی کات و نەوە لە دوای نەوە گوازراوەتەوە بووەتە بەشێک لە یادەوەری کۆمەڵگە و مێژوویەک لە شانازی پێوەکردن و پارێزگاری کردن لێی و بەشێک لە پێکهاتەی کەسایەتی تاک لە ناو ناخ و ویژدانی مرۆڤ دەژی، بووەتە چاودێرێک بەسەر ڕەفتاری مرۆڤ لە کاتە جیاوازەکان، ئەم کاریگەرییەی دەگۆڕێت بە پێی کات و شوێنی و کۆمەڵگە، و زیاتر لەم کۆمەڵگەیانە کاریگەرە کە هێشتا سادەن یان لە قۆناغی ڕاگوزەر دان و لادان لێی هەستێکی ناخۆش لە دڵ و دەروونی تاک دروست دەکات و ئارامی ناهێڵێت، و لە ناخەوە ئازار بەخشە، بۆیە نەریت وەکوو ئامرازێکی گرنگی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی هەژمار دەکرێت و تا مرۆڤ هەبێت نەریت دەمێنێ. (سومنر) دەڵێ (نەریت، سەرەرای ئەوەی پارێزگاری لە چالاکییەکانی دەکات، بڕیار دەڕێکی پێویست و گرنگە لە سەر ڕەفتاری کۆمەڵایەتی و پێویستییەکی گرنگە بۆ سەرکەوتنی نەوەکانی داهاتوو.) (سامیە محمد جابر، ١٩٩٢، ص: ٩٧)

بە گشتی گرنگیی نەریت لەم چەند خاڵەی خوارەوە دەردەکەوێت:-

١-ناسنامەی تاک و کۆمەڵ و گرووپ و کۆمەڵگە جیاوازەکانە لە ڕێگەیەوە لە یەکتر جیا دەکرێنەوە یاخود هەر یەکێکیان بە نەریتەکەیەوە دەناسرێنەوە.

٢-هەستی شانازی بە تاک دەبەخشێت، وای لێ دەکات دەستی پێوە بگرێت و پارێزگاری لێ بکات.

٣-ڕێزگرتنی گیانی پێشینەکانە بەوەی ئەوان پێیان گەیاندون وەکوو ڕێزێک بۆیان و لادان لە نەریت بە تاوان و بێڕێزی هەژمار دەکرێ تا دەگاتە سزای گیانی و جەستەیی لە لایەن ویژدان و کۆمەڵگەوە.

٤-هۆکاری بە هێز کردنی پێوەستی و یەکانگیرییە لە نێوان تاکەکان بە تایبەت خێزان و دواتر کۆمەڵ و گرووپەکان و کۆمەڵگە.

٥-پردی بەیەک بەستنەوەی نێوان نەوەکانە و هەستی پێوەست بوون زیاد دەکات.

٦-بنەمای پێوەندی و کارلێک و هاوکاری و شێوازی ژیان و ڕەفتار دیار دەکات و تاک و کۆمەڵ فێر دەکات چۆن هەلس و کەوت بکەن لەگەل هەڵویستە جیاوازەکان و ژینگە.

٧-ئامرازێکی گرنگی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتییە و لە ناخ و هزری هەر تاکێکە ئاڕاستەی ڕەفتار دەکات بۆ ئەوەی بە پێی بنەماکانی پێکەوەژیان و ئاشتی کۆمەڵایەتی بێت لە پێناو مانەوە و بەردەوامی.

٨-تواناداره لە ئاسان کردنی ئیش و کارەکان و کارلێکەکان لە نێوان تاکەکان و تواناداره لە پارێزگاری لە سیستەمە کۆمەڵایەتییەکان کە بنەما سەرەکییەکانی بوونیادی کۆمەڵایەتی دروست دەکەن وەکوو سیستەمی خێزان و هاوسەرگیری و ئابووری و ئایینی و سیاسی و سزای داناوە بۆ ئەوانەی سەرپێچی دەکەن بۆ نمونە ئەوانەی سەرپێچی سیستەمی هاوسەرگیری دەکەن یان ئەوانەی سنووری خاوەندارێتی دەشکێن (غنی ناصر القریشی، ٢٠١١،ص ص: ٢٨٤،٢٨٥)

٤-٢/ تایبەتمەندییەکانی نەریت لە کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی:

هەموو بابەت و دیاردەیەک کۆمەڵێک تایبەتمەندیی خۆی هەیە کە لە لەگەڵ بابەتەکانی تر پێی جیا دەکرێتەوە، و پێی دەناسرێتەوە تایبەتمەندی هەر بابەتێک لەوە دایە کە لەسەر بنەمای ناسینی تایبەتمەندییەکان ڕەفتاری لەگەڵدا دەکەیت، نەریتیش وەک هەر بابەتێکی پێوەست بە ژیانی تاک و کۆمەڵگە تایبەتمەندی خۆی هەیە کە جیای دەکاتەوە لە تیکەڵ و پەرش و بڵاوی لەگەڵ کۆمەڵێک بابەتی تری کۆمەڵایەتی، جگە لەوەش چونکە نەریت بابەتێکی مێژوویە و قۆناغی جۆراوجۆر و جیاوازی بڕیوە تایبەتمەندییەکانی جیاوازن چونکە سەرەرای هەموو ئەو گۆڕانکاری و پێشکەوتنانەی لە بوارە جیاوازەکانی ژیان سەریان هەڵداوە، نەریت بەردەوام بووە و ماوەتەوە، ڕۆژگار نەیتوانیوە کۆتایی پێ بهێنێت و بەردەوامیش دەبێت لە مانەوە تا کۆتایی مرۆڤایەتی، تایبەتمەندییەکانی نەریت بەم شێوەیەی خوارەوەیە:-

١- نەریت تایبەتمەندیی ئەوەی هەیە، کە بوارە جیاوازەکانی ژیان ڕێک بخات و لە ناو ئەم ڕێکخستنەش

بابەتێـک، کـە زۆر گرنگـە لـە نـاو ڕێکخسـتنی کۆمەڵگـە بابــەتی گونجاندنــە لەگــەڵ پێداویســتیەکان (Ross , ١٩٠١ , ١٩٣.p) ئەمــەش بــۆ مەبەســتی ئــەوەی کــە لــە ڕێکخســتن نارێکـی دروسـت نەبێـت چونکـە هـەر کـەم و کوریـەک لـە ڕێکخسـتندا کاریگـەری نەرێنـی دەبێـت لەسـەر بوونیاد و پێوەندییــەکان، لــەم دۆخــەدا پێداویســتیەکان بــە پێــی ڕەوش دەســتەبەر ناکرێــن و بەرژەوەندییــەکان دەکەونــە مەتـرسی، هــەر کاتێــک بەرژەوەندییــەکان کەوتنــە بــەر مەتـرسی کاریگـەری نەرێنـی دروسـت دەبێـت لەسـەر تـاک و ڕەفتـارەکان لـە کۆنتـڕۆڵ دەردەچـن، بۆیـە (ڕۆس) نەریتـی بـە هۆکارێکـی گرنـگ دانـاوە و پێـی وایـە، کـە نەریـت تایبەتمەنـدی خـۆی هەیـە لـە ڕێکخسـتنی کۆمەڵگـە.

٢- (سـومنر) پێـی وایـە کـە نەریتـەکان ناهوشـیارانە دروسـت دەبـن و تەنانـەت پێـی وایـە وەکـوو ڕەمەکـەکان وان، بـە ئەزمـون بـەرەو پێشـەوە ڕۆیشـتون و گرنگیـان پێـدراوە و دەسـتکاری کـراون لـە ڕێگـەی فەلسـەفەی مرۆیـی و ئـاکار و ئاییـن و کـردە هزریـەکان، تـا گەیشـتۆنەتە ئاسـتی گونجانـدنی بـە پێـی پێداویسـتی لەگـەڵ ڕەوشی کۆمەڵایـەتی، هەروەهـا تایبەمەنـدی گۆڕینیـان هەیـە بـە پێـی پێویسـتییەکان و بارودۆخـە نوێیـەکان (Sumner, 1907 , p.4)

٣-تایبەتمەنـدی نەریـت ئەوەیـە کـە بـە کـردە ئەنجام دەدرێـت واتـە هـەر نەریتێـک لەسـەر شـێوازی کـردار دەبێـت لـە لایـەن تاکەکانـەوە بـە پێـی کات و شـوێن و هەڵویسـتەکان لـە ڕەفتـار دەردەکەوێـت.

٤- قـورسی لـە گـۆڕانی نەریتـەکان لەبـەر ئـەوەی لـە باوانـەوە هاتـووە لەبـەر خۆشەویسـتی بۆیـان و دواتـر لـە ڕێگـەی نەوەکانـەوە دەگوازرێتـەوە و پارێـزگاری لـێ دەکـەن و کار دەکـەن لەسـەر گواسـتنەوەی بـۆ نـەوەکانی تـری داهاتـوو (مصلـح الصالـح، ٢٠٠٤، ص: ٢٠٥)

٥-لـە یـادەوەری مـرۆڤ دایـە و زینـدوە و بازنـەی بـە یـەک گەیاندنـە و وێنـەی ڕابـردوو و هێـمای بەجێهێلـراوی کولتـووری دەداتـەوە، و پێوەسـتە بـە سـەردەم و شـوێن لـە بۆنـە و سرووتـە دیـاری کـراوەکان و بـە پێـی جیـاوازی کولتـورە جیـاوازەکان دەگۆڕێـت گرنگتریـن پەسـنی ئەوەیـە نـا هۆشـیارییە(علی شیخ و هاجـر زیـادە، ٢٠٢٠، ص: ٣٧)

٦-خودکارییــە بــە شــێوەیەکی خــودکاری لــە ئەنجامــی پێوەنــدی و کارلێکــی نێــوان تاکــەکان بــە شــێوەیەکی ناهوشــیارانە دروســت دەبێــت ئەویــش دەگەڕێتــەوە بــۆ ئــەوەی لــە پێویســتییەکانی خەڵکــەوە هەڵدەقوڵــێ و پێویســتییەکی هەتەرییــە و دەبێتــە پێویســتییەکی کۆمەڵایــەتی لــە پێوەســت کــردنی تاکــەکان بــە یەکــتر، هەروەهــا ڕابردویــان بــۆ دەگوازێتــەوە، تــاک لــە کۆمەڵگەکەیــەوە هەڵیدەمژێــت بــێ ئــەوەی بــە دوای هۆکارەکــەی بگەڕێــت.

٧-هــەر تاکێــک لــە بەرانبەریــدا هەســت بــە بەرپرسیارێتی دەکات لـەوەی بیگوازێتـەوە بـۆ نـەوەی دوای خــۆی وەکــوو ئەرکێکــە لەســەری ئەگــەر نەیگوازێتــەوە هەســت بــە شــەرمەزاری دەکات.

٨-پێبەنــدی و ناچــاری، تاکــەکان ناچــار دەکات لــەوەی دەســتی پێــوە بگــرن و پێبەنــدی ئەویــش لــە ڕێگــەی هێــزی ڕەنجاندنەوەیــە، کــە لــە کۆمەڵگــەوە وەری گرتــووە و دەســەڵاتی پــێ پەیــدا کــردووە و تاکــەکان ناچــار دەکات پێبەنــدی بــن، و ڕێــزی بگــرن و لێــی لانــەدەن لــە تــرسی کۆمەڵگــە و ســزاکانی.

٩- مەبەســتدار و بــە ئامانجــە لــە گواســتنەوەی پشــتاو پشــت، یەکــەم پرۆســە کــە بــەکاری دێنێــت پرۆســەی پێگەیانــدنی کۆمەڵایەتییــە کــە یەکــەم دەزگــە لێیــەوە دەســت پێــدەکات خێزانــە (Ross,1907,p.191).

١٠-لــە کاتی دەســت پێــوە گرتــن و ئەنجــام دانی بــە کردەیــی لــە لایــەن تاکەکانــەوە هەســتی دڵنیایــی و حەسـانەوە دەبەخشـێت بـە گیانیانـەوە لـەوەی گوێڕایەڵـی ڕەفتــاری گشــتی کــردووە، کــە جێگــەی ڕەزامەنــدی کۆمەڵگەیــە و ڕێزیــان گرتــووە لــە گیــانی بــاو باپیــران و پێشــینان.

١١-بنەمـای ڕەفتـارە لـە ڕێکخسـتنی کۆمـەڵ و کۆمەڵگـە لــە ڕێگــەی هێــماوە دەردەکەوێــت، هیــچ کۆمەڵێــک ناتوانێـت پارێـزگاری لـە یەکگرتنـی خـۆی بـکا ئەگـەر نەریـت و هێـماکانی نەبـن، کـە کار دەکـەن لەسـەر چانـدنی لــە ناخــی ئەندامــەکانی بــە هــەر ئامــرازو ڕێگەیەکــی

هوشـیارانە یـان ناهوشـیارانە بێـت. (مصلـح الصالـح، ٢٠٠٤، ص: ٢٠٥)

١٢- کۆمەڵێـک واتـا و مەبەسـت و ڕێنوێنـی لـە خـۆ دەگـرێ و لـە ناخـی تاکـەکان دایـە و ڕۆڵی هەیـە لـە پـەروەردە و پشـتگیری کـردنی لـە ڕێگـەی پاراسـتنی ڕێ و شـوێنە گشـتییە ڕێکخـەرەکان. (اسـعد فایـزە، ٢٠١٢، ص ص: ١٢٥-٦)

بـە شـێوەیەکی گشـتی ئـەو خاڵانـەی باسـکران دەربـڕی تایبەتمەندییـەکانی نەریتەکانـە، کـە هەمـوو نەریتێـک هەیـەتی لـە هـەر کۆمەڵگـە و شـوێنێک و کاتێـک بێـت جیـاوازی نییـە بەڵکـو ئـەوەی هەیـە ڕێـکار و ئامـراز و شێوەی ئەنجام دانییـەتی کـە دەگۆڕێـت بـە پێـی سروشـت و ژینگـە و شـێوازی ژیـان و پەیکـەری کۆمەڵایـەتی و ئاسـتی ژیـاری ئەگـەر چـی لـە قوناغـی ڕاگـوزەردا گـۆران لـە تایبەتمەندییـەکان دێنـە ئـاراوە بـەڵام ناوەرۆکەکـەی ناگۆڕێـت.

بـەشی پێنجـەم / تاوتوێکـردنی دەرئەنجـام و پێشـنیار و ڕاسـپاردەکانی توێژینـەوە

١-٥ دەرەنجامی توێژینەوە

١-نەریتـەکان کاریگـەری ڕاسـتەوخۆیان هەیـە بۆیـە بـە ئامرازێکـی گرنگـی کۆنترۆڵـی کۆمەڵایەتیـن لـە ئاڕاسـتەکردنی ڕەفتـاری تاکـەکان لـە هەڵوێسـت و بارودۆخـە جیـاوازەکان و هێزێکـی شـاراوەیان هەیـە لـەوەی تـاک کۆنتـڕۆڵ بکـەن تـا تـوشی لادان و تـاوان نەبێـت و پارێـزگاری لـە خـۆی و کۆمەڵگـە بـکات و نەبێتـە هـۆکاری دروسـتبوونی کێشـە لـە بـری ئـەوە ببێتـە تاکێکـی بەسـود بـۆ کۆمەڵەکـەی و ڕەفتـارەکانی لـە ژێـر کۆنتـڕۆڵ بێـت، هـەر دەرچونێـک لـە نەریتـەکان سـزای بەدواوەیـە بۆیـە ملکەچـی و پێبەنـدی بـە نەریتـەکان هــۆکاری بەدیهێنـانی کۆنترۆڵـی کۆمەڵایەتییـە.

٢-نەریتـەکان مێژوویەکـی درێژیـان هەیـە و نـەوە لـە دوای نـەوە گوازراونەتـەوە، و بـە شـێوەیەک لـە ناخـدا ڕووچـون کـە کاریگەریـی بەهێـز و ڕاسـتەوخۆیان هەیـە لـە ئاڕاسـتە و ڕەفتـاری تـاک و ڕێکخسـتنی پێوەنـدی و ململانێـکان لـە نێـوان تاکـەکان کـە لـە چوارچێـوەی پاراسـتنی بەرژەوەندیـی تـاک و کۆمەڵگـە بـن و هـاوکاری و یەکگرتنـی بپارێـزرێ لـە میانـەی هەمـوو پێوەنـدی و ململانێـکان.

٣- نەریـت کاریگەریـی ڕاسـتەوخۆی هەیـە لەسـەر ڕەفتـار و کەسـایەتیی تـاک، تـاک لـە هـەر کۆمەڵگەیـەک بێـت لـە ژێـر کاریگـەری پرۆسـەی پـەروەردە و پێگەیانـدن، نەریـت وەردەگرێـت کـە بـە تێپەرینـی کات دەبـێ بـە بەشـێک لـە پێکهاتـەی کەسـایەتی، و کاریگـەری دەبـێ لەسـەر ڕەفتـارەکانی لەژیـانی ڕۆژانـەی لـە پێوەنـدی و کارلێکـەکانی لەگـەڵ تاکـەکانی تـر.

٤- ڕێزگرتـن لـە گیـانی پێشـینان و پرۆسـەی پـەروەردە و پێگەیانـدن هێـز و کاریگـەری پشـت نەریـتن و نـەوە لـە دوای نـەوە دەگوازرێتـەوە و هـەر نەوەیـەک خـۆی بـە بەرپـرس دەزانێـت و پێـی وایـە بەشـێکە لـە ئـاکار و ڕێـز و بەرپرسـیارێتی لـەوەی بیگوازێتـەوە ئەگـەر ئـەم کارەی نەکـرد ئـەوا ویـژدانی ئاسـوودە نابێـت و هەسـت بـە تـاوان دەکات بۆیـە ئـەم هێـزە شـاراوەی نەریـت لەمـەوە سـەرچاوەی گرتـووە.

٥-نەریـت لـە هەمـوو بـوارەکان ڕۆڵیـان هەیـە و دەسـەڵاتێکی سـیمبولییان هەیـە لەسـەر تاکـەکانی کۆمەڵگـە، بۆیـە تاکـەکانی کۆمەڵگـە ملکەچـی و گوێڕایەڵـی بـۆ دەکـەن و جێگیـر بـووە لـە ویژدانیـان ڕەنگدانـەوەی هەیـە لەسـەر کردارەکانیـان بەمـەش نەریـت ڕۆڵـی هەیـە لـە ڕێکخسـتن و کۆنتڕۆڵـی کۆمەڵایـەتی.

٦- نەریـت لـە قۆناغـی ڕاگـوزەردا ڕۆڵـی خـۆی هەیـە لـە بەدیهێنـانی کۆنترۆڵـی کۆمەڵایـەتی و زۆرجـار لـە بـری یاسـا کار دەکات بـۆ یەکلاکردنـەوەی کێشـە و ململانێـکان.

٢-٥ پێشنیارەکانی توێژینەوە

١-گرنگیـدانی زیاتـر بـەم نەریتانـەی کـە پێوەندییـەکان لـە نێـوان تاکـەکانی کۆمەڵگـە بەهێـز دەکـەن، کـە ئـەم پێوەندیانـە دەبنـە هۆکارێـک بـۆ خـۆ پارێـزی و دەرنەچـوون لـە کۆنترۆڵـی کۆمەڵایـەتی.

٢-گەشـەپێدان و چانـدنی ئـەو نەریتانـەی کـە ڕۆڵیـان هەیـە لـە دوورکەوتنـەوە لـە هـەر جـۆرە ڕەفتارێـک

کـە دەبێتـە هـۆکاری دەرچـوون لـە سـنووری کۆنترۆڵـی کۆمەڵایـەتی ئەمـەش لـە ڕێگـەی کۆمەڵێـک ناوەنـدەوە دەکرێ ئەنجام بدرێـت لـە سـەرەتاکانیدا خێزان و دواتـر ناوەنـدەکانی تـری پرۆسـەی پـەروەردە و پێگەیانـدنی تـاک.

٣-هۆشـیارکردنەوەی تاکـەکانی کۆمەڵگـە بـەوەی کـە نەکەونـە ژێـر کاریگـەری ئامـرازەکانی ڕاگەیانـدن، ئـەو کاتـەی هەندێـک لـەم ئامرازانـە کۆمەڵێـک ڕەفتـاری نەگونجا و نەشیا و دوور لە بەهـا و ئاکار بڵاو دەکەنـەوە و پەخـشی دەکـەن، کـە کاریگـەری ڕاسـتەوخۆی هەیـە لەسـەر ڕەفتـار و بەلارێدا بـردنی ڕەفتـاری تـاک و بـەرە و لادان و تـاوان دەبیـات و دەبێتـە هـۆکاری دەرچـوون لـە کۆنترۆڵـی کۆمەڵایـەتی.

٤-لـە ڕێگـەی ئامـرازەکانی ڕاگەیاندنـەوە نەریتـە جوانـەکان بکرێتـە بابـەت و گفتوگـۆی لەسـەر بکـرێ و لەگـەل ژیـانی ئەمـرۆ بگونجێنرێـت و بـە تاکـەکانی کۆمەڵگـە بگەیەنرێـت بـۆ ئـەوەی کاریگـەری ڕاسـتەوخۆی هەبێـت لەسـەر ڕەفتـار و ببێتـە هـۆکاری بەدیهێنـانی کۆنترۆڵـی کۆمەڵایـەتی.

٣-٥ ڕاسپاردەکانی توێژینەوە

١-پاڵپشـتکردنی نەریتـە جوانـەکان و گرنگـی پێدانیـان تـا لـە ناخـی تاکـەکانی کۆمەڵگـە زیاتـر ڕوو بچـن و لـە ڕەفتاریـان ڕەنـگ بداتـەوە لـە پێنـاو بەرژەوەنـدی گشـتی و ئاشـتی و سـەقامگیری و پێکەوەژیـان و پارێـزگاری کۆمەڵگـە لـە لادان تـاوان.

٢-پێشـکەوتن و کرانـەوەی هـزر و ڕێکخسـتنی بـوارەکانی ژیـان و ڕەفتـاری تاکـەکان بـە پێـی ڕۆژگار بکرێتـە نەریـت لـە پێنـاو پێشـکەوتنی زیاتـر و بەدیهێنـانی کۆنترۆڵـی کۆمەڵایـەتی.

٣-گرنگـدانی زیاتـر بـە توێژینـەوەی زانسـتی لـە سـەر ڕۆڵ و گرنگیـی نەریـت لـە بەدیهێنـانی کۆنترۆڵـی کۆمەڵایـەتی.

٤-ئەنجامـدانی توێژینـەوە لـە بـارەی نەریتـەکان و کاریگەرییـان لـە بـوارە جیـاوازەکانی تـری جیـاواز لـە کۆمەڵایـەتی، هەروەهـا لـە هێـزی مانـەوە و بـەردەوام بوونیـان لەناخـی تـاک سـەرەرای هەمـوو پێشـکەوتنەکان.


سەرچاوەکان بە زمانی کوردی

١-سـکێرس، جنیفـەر (٢٠١٢)، کولتـووری شارنشـینی لـە شـارەکانی ڕۆژهـەڵات، وەرگیـرانی: شـەهلا وەلی جەبـار، چاپخانـەی ڕۆژهـەڵات، هەولێـر.

٢-ابراهیـم، لانـە ئـاراس(٢٠١٧)، پێکهاتـەی کۆمەڵایـەتی و کولتـووری ناحیـەی بازیـان، سـەنتەری لێکۆڵینـەوەی سـتراتیجی کوردسـتان، سـلێمانی.

٣-زیبـاری، طاهـر حسـۆ(٢٠١٦)، ڕێبـازەکانی توێژینـەوەی زانسـتی لـە کۆمەڵناسـیدا، نووسـینگەی تەفسـیر، هەولێـر.

سەرچاوەکان بە زمانی عەرەبی

٤-ابـو الغـار، ابراهیـم (١٩٨٥)، علـم الاجتـماع القانـوني و الضبـط الاجتماعـي، مكتبـة نهضـة الـشرق، القاهـرة.

٥-عبدالبـاري، اسـماعيل حسـن(١٩٧٩)، المـراة والتنميـة فـى مـصر، دار المعـارف، القاهـرة.

٦-جيدنـز، انتـونى(٢٠٠٠)، قواعـد جديـدة للمنهـج فـى علـم الاجتـماع، ترجمـة: محمـد محـى الديـن، المجلس الاعلى للثقافـة، القاهـرة.

٧-جابـر، سـامية محمـد(٢٠٠٤)، علـم الاجتـماع العـام،دار المعرفـة الجامعيـة، الاسـكندرية.

٨-جابـر، سـاميه محمـد(١٩٩٢)، القانـون والضوابـط الاجتماعيـة، مدخـل علـم الاجتـماع لفهـم التـوازن في المجتمـع، دار المعرفـة الجامعيـة، الاسـكندرية.

٩-سـليم، سـلوى عـلى(١٩٨٥)، الاسلام و الضبـط الاجتماعـي، مكتبهـة وهبـة للطباعـة والنـشر، القاهـرة.

١٠-احمـد، صبيح عبدالمنعـم(٢٠٠٩)، الضبط الاجتماعي، مركـز العـراق للبحوث والدراسـات الاسـتراتيجية، بغـداد.

١١- الـداودي، غالـب عـلى(٢٠٠٤)، المدخـل الى علـم القانـون، ط ٧، دار وائـل للنـشر، عـمان.

١٢- القريشي، غنـى نـاصر حسـين(٢٠١١)، الضبـط الاجتماعـي، دار صفـاء للنـشر والتوزيـع، عمان.

١٣-محمـد، محمـد و عمـر عثـمان(٢٠٠٢)، مفاهيـم اساسـية فـى علـم الاجتـماع، منشـورات جامعـة قاريونـس، بنغـازى.

١٤- الصالـح، مصلـح(٢٠٠٤)، الضبـط الاجتماعـي، الـوراق للنـشر والتوزيـع، عـمان.

سەرچاوەکان بە زمانی ئینگلیزی

١٥-Durkheim، Emile(١٩٦٠)، The division of Labor in Society، George Simpson، 4th ed، the free press، Glencoe، London.

١٦-Durkhiem Emile(١٩٦٤)، The Elementary Forms Of Religious of Life، 5th ed، translated by: Joseph Ward Swan، George Aleen&Unwin Ltd، London.

١٧- E. A Ross. (١٩٠١)، Social Control، the Macmillan Company، New York.

١٨- shills،Edward(١٩٨٣)،Tradition،the university of Chicago،press،Chicago.

١٩-Gillen، Gillen(١٩٤٢)،Cultural Sociology، the macmilan company،new york.

٢٠- Roucek، Joseph S.(١٩٥٩)، The Development and Status of Social Control in American Sociology، Oxford University Press،new york.

٢١- Olsen، Marvin E.(١٩٩٦)، The process of Social organization، C.N.P، New York.

٢٢-Deflem، Mathieu(٢٠٠٨)، sociology of law، Cambridge university press، new york.

٢٣- Benedict، Ruth(١٩٣٥)، Pattern of culture، Routledge & Kegan Paul Ltd، London.

٢٤-Sumner،Graham William(١٩٠٧)، Folkways، Ginn & Company، Boston.

سەرچاوە ئەلیکترۆنییەکان بە زمانی عەرەبی

٢٥- فایـزه، اسـعد(٢٠١٢)، العـادات والتقالیـد فـی الوسـط الحـضری بیـن التقلیـد والحداثـه، اطروحـه دکتـوراه غیـر منشـورة، کلیـة العلـوم الاجتماعیـة، جامعـة وهـران، https://theses.univ-oran١.dz/document/t٣١٦٢٠٢٢٠.pdf ٢٠٢٢/٧/٠٧.

٢٦- شـیخ، علـی و هاجـر زیادة(٢٠٢٠)،رمزیـة العـادات والتقالیـد، مجلـه انثرۆبولوجیـا، مجلـد ٦، عـدد٢، الجزائـر، https://www.asjp.cerist.dz/downarticle/en/٧٩/٦/٢/١٣٧٥٦٧ ٢٠٢٢/٤/٢١.

٢٧- Alexander، James(٢٠١٦)، A Systematic Theory of Tradition journal of the philosophy of history. https://www.researchgate.net/publication/٣٠٦٢٣٤٢٥٢_A_Systematic_Theory_of_Tradition ٢٠٢٢/٥/١٢.

٢٨-Susanna & Others(٢٠١٧)، Descriptive analysis in education: A guide for researchers، institute of education، national center for education evaluation and regional assistance. http://ies.ed.gov/ncee/ ٢٠٢٢/١١/١٨

## ملخص

من المعلوم ان كل مجتمع يمتلك الوسائل الخاصة به لتحقيق الضبط الاجتماعي والتي تعتبر نتاج المرحلة التاريخية التي يمر بها، والعرف يعتبر وسيلة من هذه الوسائل التي تعتمد عليها المجتمعات ما قبل المدنية الصناعية كقانون غير مكتوب لتنظيم و توجيه سلوك الافراد، يتكون هذا البحث من عدة اقسام، القسم الاول من هذا البحث، يتضمن من مشكلة واهمية واهداف البحث اما القسم الثاني فانه يتضمن المفاهيم العلمية و منهج البحث، بينما اشار القسم الثالث الى اراء المفكرين حول العرف، اما القسم الرابع فقد تطرق الى اهمية العرف و خصائصه، و في القسم الخامس تم عرض الاستنتاجات و مقترحات وتوصيات البحث.

## Abstract

It is clear that each society has its own means to achieve social control، which is the product of the historical stage the society is going through. Custom is one of these means that pre-industrial societies rely on as an unwritten law to regulate and direct the individual’s behavior. This research consists of several sections. The first section includes the problem، importance and objectives of the research، while the second section includes scientific concepts and the research methodology. The third section refers to the opinions of thinkers about custom and the fourth section deals whith the importance of custom and its characteristics. The fifth section covers presentation of conclusions، suggestions and recommendations of the research.